
# خەونەکانی زولەیخا

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی رۆشنبیری

بەڕێوەبەرێتیی گشتیی رۆژنامەنووسیی و چاپ و بڵاوکردنەوە

بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی




بەڕێوەبەرێتیی
چاپ و بڵاوکردنەوەی
سلێمانی

٢٠٠٩

# خەونەکانی زولەیخا

شیعر

ئەحمەدی مەلا

٢٠٠٩

**سەرپەرشتیاری گشتیی**

**محەمەد کوردۆ**

## خەونەکانی زولەیخا

ناوی نووسەر: ئەحمەدی مەلا

بابەت: شیعر

نەخشەسازیی: بەرگ و ناوەوە: ئەکرەم محەمەد

پیتچنی: نووسەر

هەڵەچنی: کارزان عەبدوڵلا

-سەرپەرشتیاری کتێب: ئەکرەم محەمەد ئەمین

تیراژ :٥٠٠

ژمارەی سپاردن: (١٩٠٩)ی ساڵی ٢٠٠٩ی وەزارەتی رۆشنبیریی دراوەتێ

چاپخانە: شڤان

- نرخ: (٢٠٠٠) دینار

**بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلاْوکردنەوەی سلێمانی**

**ناونیشان: سلێمانی- گردی ئەندازیاران**

**ژمارەی تەلەفۆن ٣١٨٠٩٩٤**



ئەحمەدی مەلا

## پێشەکی قەسیدەی یەکەم

ئینسان لە خەونەوە لە دایکبووە. بە واتایەکی دی ئینسان خەونی ماددەیە. واتە ماددە لە حەوزەکانی خەونەوە پەیدا دەبن، پاشان وردە وردە دەبنە عەقڵ، دەبنە هەست و هۆش، دەبنە فیکرو سیستم، دەبنە رێکخستن و پرۆژە، دواجار دەچنەوە تاقەرێگایەک ئەویش بەدیهێنانەوەی خەونە.





خەونەکانی زولەیخا

فیکرەیەکی سەرەتاییە، بەڵام شیعرییە لە مانا تایبەتییەکانیدا. سنوور لەنێوان ماددەو غەیرە مادە نامێنێت. بەرجەستەکان دەچنە قەپێلغی یەکترییەوەو دونیا لە گۆڕانکارییە هەمیشەییەکانیدا، لە جەژنەکانی خۆنوێکردنەوەدان. هەموو شتێک مافی رەوای خۆی دەستدەکەوێت لە بڕیاردانی خۆ نوێکردنەوەو خۆ بووژاندنەوەو خۆ دەرخستن. شتی وەستاو جێگیر نامێنن، پێناسەکان



ئەحمەدی مەلا

جێگۆڕکێ بە چەمکەکان دەکەن. لێرەوە شیعر سەفەرێکە لەنێوان سروشت و ئینساندا.
ئەم دروستکردنەوەو بووژاندنەوەیە تەنها لەژێر زەبری رووخاندندا دەتوانێت خۆیمان پێ بناسێنێت.

**ئەحمەدی مەلا**
**٢٠٠٧**

## قەسیدەی یەکەم





## خەونی ئاژەڵ

من زمانی ئاژەڵان زیّتر فیّربووم وەک لە زمانی فریشتە. ئەمەش پیرۆزی کردم بەقەد تیّکڕای ئەو غوبارانەی کە لەسەر قژمان کۆدەبوونەوە کاتیّک هەر بە کەیف پیاسە بە قەراغ دونیادا دەکەین.

ئاژەڵم بەقەد خۆم خۆشویست، هەر هوموویانم لەنیّو دڵدا دەشاردەوە. چ شاردنەوەیەکە لە قوژبنەکانی دڵ!!







دیّتەوە یادم ئەو پشکۆ خەمەی کە لەنیّو چاوی پشیلەیەکدا دادەچۆڕی و بە تەنیشت لەشمدا چۆڕەی دەهات. خەمی بۆ ئیّمە دەخوارد کە ناتوانین وەکو وی بەسەر ستارەو دیوارەکاندا بە تەواویی و بە سووکی بازدەین. پشیلە نەنکە گەورەی پەرییەکە کە لە خوا تورە بوو.

پشیلەیەکی فارسی لەبەر سیّبەری پەنجەرەیەکی داخراودا باویّشکی وەک ئیّوارە





راشکا. باوێشک شەوی گردکردەوەو دیواری تێر خەون کرد. رۆحی منیش پەروازەی پەروازان، وەکو دوو شاباڵ لە هیچ شوێنێ ئۆقرەی نەدەگرت. ترنجایە نێو خوڕەوە، رۆچووە نێو رەهەندەکانی وشەوە. لە پشت شتەکاندا خەونێ بردییەوە.

## خەونی تابلۆیەکی رەش

مۆنۆکرۆمە. دەروازەیەکە قەپاڵ لە ئاسۆ دەدات. دەزووڵەیەکی تاکبڕە. شەوە. شەوێکی پێش







هەڵگیرسانی مەشخەڵەکانی هەزارمێرد. مۆسیقایەک تابلۆ بە چرنووک دەدڕێ. دادڕانی ئاسمانێکی بێقەبارەیە. دەنگێکی نوێیە، گلۆتکە گلۆتک لەسەر هەست کرۆشک دەدات.

شەمشەمەکوێرەیەکە بەقەد پانتایی شەو. لە ئاسۆکانەوە هاژە دەکات، شاباڵ رەشماڵی رەوەندەو سێبەری ئەستوور دروستدەکات.





## خەونی کۆترێ

دانیشتووی مەملەکەتی نوور بووین. بە هەزار تەرح دونیامان شیتەڵ دەکرد، بە هەزار تەرح دونیا وەکو خەز، وەکو سۆلاڤەکەی بەردەم ماڵان شۆڕ دەبووەوە. دونیا، ئاوێنەیەک بوو،







وەک شلەمەنییەکی روون، شەفاف، بێ بۆن، بێ رەنگ، سروشتی ئاوی هەبوو، ئاو نەبوو.
ئێمەی دانیشتووی مەملەکەتی نوور، دەماندایە شەققەی دەنگ و تێکەڵی سەدا دەبووین.

## خەونەکانی زولەیخا

قژم وەک تریفەی هەور، وەکو گوڵەگەنمی بەر پەنجەرە، وەک پەشتەماڵیکی نارنج راخستووە.
یوسفان دێن و کرنۆش بە عەدەم دەبەن.





یوسفان دوا نوێژی رەحەتبوون لەبەر سێبەری زوولْفم دەبەستن. راکشاوم وەکو لەززەتە چەپکراوەکانی رۆژهەڵات.

**خەونی مەیتێک**

جەستەیەکی راکشاو بە تەنیشتمەوە. دوو دڵۆپ بەنەوشە. رۆحم هەپروون دەبێت.







دەست بۆ قەبرغەکانم دەبەم، دەستم لە ئاڵۆزیی بەنەوشە گیر دەبێت.
دەست بۆ رووخسارم دەبەم. دوو تونێل لە کەللەمەوە واقیان ورماوە.

**خەونی مەیتێکی دی**

هەرزەکار بووم، واتە حینجەی شیعرو تۆماوم بەقەد جەستە شۆڕ دەبووەوە. هاوسێیەکەم باسی وڵاتی غوربەتی بۆ دەکردین، باسی





هونەرمەندێکی دەکرد کە خەونی بە سەربڕینی خۆیەوە بینیبوو، سەربڕێنی من بوو. تا لە ژیان ماوم جەستەیەکم بێ سەرو سەرێکم بێ جەستە، ئەمە رۆژهەڵاتی منە.

**خەونی باوک**

لەوکاتانەی کە هێشتا حوجرە مابوو، دوا گوێسانەکانی دەهۆنییەوەو ستارەکانی وەکو سەهۆڵی بەهار دەتوایەوە. ئەو شەوە بوو کە







فەقێکان شەویان لەگەڵ ئەجندەکانا بەسەر دەبردو لە لێوار بیرەکانا ئەلفییەیان ئەزبەر دەکرد. واتە فەرامۆشیی هۆش!
باوکم هات، کەڵەگەت و چەناگەی لە ئەستێرەیەک ختم ببوو و دیقەتم دا و لێی ترسام. یەکەم و دواجار بوو لە باوکم بترسم. هەستم دەکرد ژێر جوببەکەی پری لە ئەجندەیەوەو مەلائیکەش لەنێو چاوانی خەوتوون.





## خەونی کوشتن

هەستم دەکرد میوەیەکی پێگەیوم بۆ ئەوەی قەسابەکانی وڵات بەر چەقۆم دەن، کەوڵم کەن، ددانە زێڕینەکانم بفرۆشن، ئەمووسیلەکەم بە پەنجەی تووتەوە هەڵکێشن و لە مەیدانی ماست بیفرۆشن. هەستم دەکرد میوەیەکی پێگەیوم بۆ ئەوەی گەورەترین شاعیری هەرێمەکەم جوێنم پێبدات.







## خەونی شیعر

لەززەتێکی رەزاقوورسە! جووتێ باڵی گرانە. رستێ شاپەڕی قوڕقوشمین، وشەن وەکو چەمۆڵە لە دەرگای دایک دەدات!

## خەونی حەکایەتەکان

هەموو سبەینانێ کە لە خەو هەڵدەستم دە توێژ بەسەر لەشمەوەن.





١- تویژیکی: چەرمی تیمساحە بەبێ فرمێسک؛

٢- تویژیکی: کاژە؛

٣- چەرمی ئەژدەری سێ سەرە؛

٤- چەرچەفێکی رەشە لە مل ئاسۆ گیربووە؛

٥- پیتێکە وەک قوولابێ لە ئۆقیانووسی جەستە قەتیسە؛

٦- پێستی خاکە برینی ئێوە؛

٧- تەمێکە لە دایکدەبێ نامرێ؛

٨- قەرەویڵەیەکی دارینە وەک کەستەک خوڵی لێدەبارێ؛







٩- ئاسۆیەکی تاڵە؛

١٠- بنمیچی ئاخرزەمانەو کۆتایی نایەت.

**دوا خەونی دوێنێ شەو**

پیاوێک بوو کەڵەگەت
دەڕۆیشت
ملی لە درەختێ گیربوو
ئاوڕی نەدایەوە





هەستی نەستێ بوو
ترسام

**خەونەکانی سبەینێ**

پرچی شەو لە دیوارەکان ئاڵا
ڕەنگێ وەکو لاولاو







## خەونی شاعیران

ساحێبقڕان لەسەر پەشتەماڵێ دانیشتبوو قڕانی دەژمارد، قڕان کەوتە پەشتەماڵ، قڕەقڕێ کەوتەوە، قڕوقەپ تا پەسڵان. بە رووتی وەک سەهۆڵ قڕاندنێکی تەواو.

پیرەمێرد گەڕایەوە قەلەندەراوە، فەقیرو بەلەنگاز، بێزیان و بە زووبان. قەڵەنگێ لە مشتی، خەرەندێ لە پشتی. ئاوی دیجلەش





کوێراو. دوو بڵێسە چاوانی تاریک دەکردو بەفرێکی تەنکیش کوێستانی ریشی رەشدکردەوە.

قەڵەشێ کەوتە خەونەکانم. مەستوورە مەست و لەچکی جەستەی وەک تاڤگەیەک شۆڕبووەو لەنێو درزی ئاودا خەونێ بردییەوە. بەرەو کەشکەڵانی فەلەک لەگەڵ نێرەپەری دایانە شەقەی باڵ و قەڵەشی کەوتە جەستەو نووریێ باری.







لە ریگاکانی حیجاز هەندە بەردی بێکەڵکی ژماردو هەندە ئەستێرەی بینی پێدەکەنین. چەند دارخورمایەک لە مێرگێکەوە شیلەی مانگێکی ساردیان دەلێستەوە. بزمنژۆکێ راپەڕی، رێوییەکی سوور فرتەی کرد، بازێ دەسووڕایەوە. کەشیدەیەک راخرا نالی لە حەوشەی کەعبە حەپەسا: دانەوێڵەی بۆ کۆتران رۆ دەکردو لە باخەڵی ژنێکی تەقسیمی خەوی لێکەوت. "ئەفاندمز هیچ بیر ئاساری یۆختی"!!





لە قەڵەندەرخانەکانەوە دەهاتینەوە، لەسەر شانی
هەندێکمان دارهەنجیر شین ببوو. گەڵاپان.
گەڵاتیژو زبر وەکو سینگی توکنی
پیاوەئاینییەکان. مێزەرەکانمان هەندە توند
بەستبوو مێشکمان لە لووتەوە چۆڕەی دەهات.
کەسمان بۆنی دەریای پێوە نەبوو! ئێمە وەکو
دژە دەریا گەورە بووین. ئەو رۆژەی دەریامان
بینی، پەرکەممان گرت.







کەشتییەک لەسەر خانووەکان هەموو
پەنجەرەکانی کردبووەوەو پەشتەماڵی نارنجی
کەوتبووە بەر کزرەبایەک کە لە رۆژهەڵاتی
دوورەوە دەهات. ژێرمان ئاو نەبوو، ئاوێنەیەکی
ئەستوور راخرابوو و بابووج لە پێیەکان، پاژنە
بەرزەکان وەکو دڵۆپە ئاو لە سەری دەخزین.
شتێک لە ژێرمانەوە کەوتبووە جووڵەو دەتوت
رۆحی زارۆڵانە هەڵیگرتووین.





زیکر کەفی بە هەندێکمان هەڵهێناو هەندێکمان خۆی دەگەوزاندە سەر خۆڵە تەپانییەکەو زەرگێ هەردوو گووپی وەکو شیشەڵدان کون کردبوو. هیچ نەبوو تەنها خۆڵخواردنێکی بە ئەنقەست: "لە خۆڵن و دەگەڕێنەوە بۆ خۆڵ".

مەشخ مەشخوولی کردبووین و لەناو لەپمان مەشخەڵان و لە ئاسۆوەش دەیان مەشفەن، مەرمەڕی لووس و مەیتی خۆمانی لەسەر بوو.







مەلێک کوتبووە دەس مەلایەک، مەلابانگدان بوو، فەقێکان کەوتبوونە مەلاتەقتەقێن.

### پێناسەکانی خەون

دەمێک کتێبە پەڕپەڕیوەکانم هەڵدەدایەوە تا بزانم تا کوێ بڕ دەکات ڕەنگی زەرد. دەمێک کتێبە سپییەکانم هەڵدەدایەوە تا بزانم تا کوێ بڕ دەکات بێهودەیی. پیاسەم دەکردو تازە دوا





غوسلی هەرزەکاریم بە تەپوتۆزی کووچەکانی
شێخ عومەرو چلپاوەکانی گەراجی نەهزە
شاهرەزای پێڵاوە کچانەکەم بوون. لە مەرقەدی
غەوسی گەیلانی دەروێشە شێتەکانی
هیندوستانم بینی دوای نوێژی هەینی شینیی
ئاسمانیان لە دەور غەزەب کۆدەکردەوە. لە
باخچەکانی زەورا خۆم بەقەد ئەستێرەیەک
هەڵواسی و بەشێک بووم لە باخچە
هەڵواسراوەکان. هەڵیانواسیم بەقەد ئازارێ







بەژنی بەقەد بەژنی جووتێ مەمکی تورتی
کەژاڵ دەبوو.
ئا لەو زەمانە پێناسەیەکی شیعرم بینی لە دەمی
شاعیرێکی لای خۆمان وەکو کەستەک
هەیوانەکانی بێڵتەپ دەکرد. پێناسەیەک بوو
لەسەر تەنافەکان ساتمەی دەکردو تەق تەق
دەکەوتە کۆشمان.
وتیان تۆ غەریبی ئەم حەوشەیەی:
رامکرد. دەریام دەسنەکەوت و بە رچەکانی
قەڵادزێدا تێپەڕیم. بە گوندەکانی چاخناوەندیدا





گوزەرم کرد. لە ماڵی ئاغا بێوڵاغەکە پەنیرم بە گیاوە خوارد. دەستم لە قەبرغەی بارگیرەکەیان کەوت. دڵی ترپ ترپ لێی دەداو دەمەو مەغریب، ئەستێرەی مانگی مایس دەکەوتنە قورگی شەوەوە. بارگیر: تاقە ئینسانی دەڤەری مە!

پێش ئەوەی سواری بم ئاوڕێکی لێدامەوەو هەڵمێکی گەرم لە لووتییەوە دەردەهات. گەرمی دەکردمەوە.







لە ناوزەنگ قاچاخچییەکان دەوریان لێدام و هێلکەیان پێ دەفرۆشتم. سەرەتای ئاخرزەمان بوو شۆڕش بە بەرد دەکراو ئاگرێک نەبوو ئەو سێبەرانە بڕەوێنێتەوە. بنچکەی گیای بەهارم دەبینی ئاشنام نەبوون، لەسەر خانووە نزمەکانیش سێبەری کەڵەگەت دەهاتن و دەچوون، دەچوون و دەهاتن کتێبەکانی "ماو"یان ئەزبەر دەکردو رووبارەکانی چین خۆیان بۆ ساڵی دوو هەزار ئامادە دەکرد تا لەهی و لافاو بنێننەوە.





بـەفرێکـی رەش بـەقـەد لووتکـەکانـەوەو لـە ترۆپکەکانیش شەو پاڵی دەدایەوەو شەو مێوانی هـەمـووان بـوو. شـەوی مـانگی گـوڵان بـەقـەد سـەهـۆڵێکی دەسـکرد سـاردە. کـەرتـە بـەردو گاشاخ و هەزاران تەرحە گوڵ ناویانم نەدەزانی. فەرەنگێکم لەلا بوو کەمۆکەیەک لەوەی مارفی نودەهیی گەورەتر بـوو. هـەمـوویم ئـەزبـەر کـرد. نیـوەی وشـەکـانی دایکـم دەبـوون کچـەکـەی گـەرمـایی: لـە شـێخ بزێنییـەوە ئـاودیوی دەشتەکانی ساڵەیی ببوون.







لەو تەختاییە، لەو دەشتە کاکی بە کاکییە، لەو زەردکـستانە کـوورەکـانی زەردەشـتم دەبینـی کووژابوونەوە. لافاوی شیوەسوور جوتیاری هێور دەکردەوە.

لـە نـاوزەنـگ نهێنییـەکـانم شـیتەڵکـرد. پیـاوانم ناسی، مـەبـەستم سـمێڵلوولەکـانی قـەبیلـە. بـە دزییەوە شەڕە لاقە مریشکیان دەکردو بزنێکی کیوێش عاسی ببوو لەو رەهەندستانە.

شـەوی دووەم لای بزنـەکـان مامـەوە. شـیری ئەوانم خواردو ژاژیم تامکرد. شتێک بە





مەڵاشوومەوە ما، لە کووچەکانی ژنێڤ زانیم
تامی ژەهر بوو بیناییمانی خڕکردۆتەوە.
لە واقیع وەکو مارمێلکەلەیەکی تینوو هەڵهاتم.
خۆم دایە دەستی تراکتۆرێک، سی ساڵ
درەنگتر ببووە گالێسکەیەک و مناڵە ساواکەم
یاریی پێدەکرد. تراکتۆرێکی لاستیک، هەر ئەو
بوو کە بڵێسەکانی شەستوسێ هەڵایسا
هەموومانی بەبێ باوک بۆ دەربەدەریی یەکەم
گواستەوە.







شەوی سێیەم نەخەوتم و بیرم لەو دوو پارچە
ئاسنە دەکرد کە ناویان لێنابوو چەکی نوێی
شۆڕش.
لێژ بوومەوەو ئەوان سەردەکەوتن. من بۆ ناو
قورگی شیعرو ئەوان بە دامێنی چیاو ناوی گوڵ
و گیایانی نەدەزانی. من خەرەندی ئێستام
مارەدەکردو ئەوان شتی دیکە.

لەسەر سنووری بەینولمیلەل تازەترین پێناسەی
شیعرم بۆ هات. شەرواڵەکەم داکەندو لە پەنا





چەپەرێ خۆم شاردەوە. لە پرێکدا هاو-
ڕێیەکەم ئەوی پاشان بوو بە گەورترین دزی
شارە نوێیەکان، بانگی دەکردم. منیش قاقا،
بەندەخوێنەکەم بە دەستەوەو دڵم خۆش بوو
لەسەر ئەم سنوورەو بەندەخوێنێکی کوردی،
هی باووباپیرانم بە دەستەوەیەو هاوڕێیەکی دزم
بە ئاشکرا، بە دەنگێکی ساف و بێگەرد دەیوت
ئەحمەدی مەلا.







بە دڵخۆشیی هێڵی سنوورم لە دوای خۆم
جێهێشت و لە کووچەکانی هۆشمدا، دوا
پێناسەی شیعرێ.

شەوی چوارەم لە ماڵی گوندییەک، لە گوندی
"کانی زەرد"، لە ژوورێکی بێ پەنجەرە، بنمیچ
نزم، بۆنی ژنێک دەهات خەریک بوو دەزا. من
و هاوڕێیەکانم. پێشمەرگە کۆنەکان و پیاوانی
دوارۆژ. حەوتجار بە دەوری ماڵیان خوولمان
خوار تا دەرگایان لێکردینەوە. پشتمان وەکو





دواڕۆژمان کوڕ کردبوو بۆ ئەوەی بچینە ژوورەوە. یەکەم ئەسپێ کەوڵی کرۆشتم، یەکەم کۆرپە هاتە دونیا، یەکەم چای کاڵمان فڕ کرد.

سنوورەکانم وەکو دانەی تەزبیح دەژمارد: تاقە چەکی پیاوان.

شەوی پێنجەم لە ماڵی پاسدارێک، لە دەوری سۆپەیەکی شاهەنشایی، بە ئازەریی چیرۆکی پیرۆزمان دەهۆنییەوە. لە شەڕەکانی بەدرو







ئوحودو حەدیسەکانی ئوفکیان پێوتین. پاسداری موونەرم و سووتەمەنی نەوەی یەکەم بوون. هەرزەکاری ئازەربایجان یەک لە دووی ئەوی دیکە، بەشەرم و حەیاوە، بە بەرگێکی خاکییەوە، لە دەوری سۆپە دادەنیشتن: سووتەمەنی وەچەی یەکەم. سەرەتای سووتەمەنییەکان. گەرای سی ساڵ دوایی.

شەوی شەشەم لە کووچەی عارەبان، بە لێسێ پاسێوە، لە چاوی رەشی جینسی ئێرانی رادەمام





و پاسکیل سوارەکەش هەموو ڕۆژێ دەهاتە هەمان شوێن و هەمان جا. نانێکی فارسی و کیلۆیەک ترێی کشمشێ پێبوو، لەسەر دەسەسڕە خەتخەتەکەی رایدەخست و بە تەنها دەنک دەنک تەنهایی دەخوارد.

خیابانەکانی تاران مەڵبەندێکی دی بۆ پێناسەکانی شیعر. ساڵی دوو هەزارو بۆنی گەنمی سووتاومان دەکرد. گوێم لە سەربڕینی یەکەم گۆرانی بوو. گوێم لە یەکەم گۆرانی







کرمانشایی خۆماڵی بوو. گوێم لە یەکەم بەرد بوو لە باڵکۆنی ئوتێلەکەمەوە دەهاتە زمان.

یەکەم شیعرم لەمەڕ بەرەکەتیی بەرد نووسی.
بەردی ڕەش و سپیم کۆ دەکردەوە.
وەکو مویموون بە قەد یەکەم داری سنەوبەردا هەڵگژام و بە سمۆرەیان چواندم. یەکەم گوێزم بە دان شەق کرد، یەکەم دەسەسڕی مناڵیم چنگ کەوتەوە. یەکەم خەونم بە زمانی بێگانە بینی.





**ئیتر خۆم نەدەناسییەوە.**

سەرتاپای چیرۆکەکانم بە بەرەواژی دەوتەوە. هەستمکرد ئەو گەنجینەیەی باوکم پێشکەشی کردم هی دایکم بوو، ئەوەی دایکمیش دەبوایە سەری بە ئاسمانەوە هەڵواسم و سەری لەسەر زەوی وەک گندۆرە بچەقێنم و ئا بەمە دڵم بەیەکجاریی کرایەوە.







هەر ئەو دڵە بوو چەند ساڵێک دوای شارەزایی تەواوی لەگەڵ ئیشراقدا پەیا کرد. ئەو ئیشراقەی تا رۆژی ئیمڕۆ شاعیران لەبەر خوڕەی دادەنیشن و گوێ بۆ هیچ رادەگرن.





**شەوی شەش شەوستانە.**

تارانی دووکەڵ و پیسایی هەوا. تارانی رەشپۆش. تارانی دەمبۆش. تاران گرێیەکی نوێ لە قورگی ئاخر زەمان.

هەڵهاتم. هەڵاتن بۆ من ئیتر گەمەیەکە. وەکو تەیرێ لەسەر تەناف تەنها بۆ ساتێ دەسرەوم. لە خۆمیش هەڵدەهاتم و لە سیمای راستەقینەی خۆم دەگەڕام.







هەستم دەکرد من یەکێکی دیم. رەنگبێ لە کووچەکانی پاریسدا تووشی ببم، رەنگبێ لە بەرسەلۆنە، یا لەبەر سێبەری کۆشکی ئەلحەمرا. تووشی دەهاتم و هەڵدەهات. لە ڤالێ لە دۆڵە سەمەرییەکانی سویسرا. لە سەلامانکا لە بەردەم کۆنترین دانشگای ئەورووپا. لە ئاڤیلا تەپوتۆزی نەعلەکەی تێرێسم ناسییەوە. لە لامانچا لە تەنیشت پەروانەکانی سانچۆ مەتارەیەک شەرابی فێنکم هەڵقوڕاند. لە دەم حەوزی ناوەڕاست، هەر بە ئاوە پیرۆزە





پیسەکەی گانج دەچوو. راکردووانی شارستانییەتی باکوور خۆیان بە ئاوی سوێر بسمیل دەکرد. خۆمان بە پۆخڵەواتی حەوز شۆرد.
لە دێرەکەی ئەلماگرۆ کە ئێستا مێوانخانەی سێبەرە خۆم لە وەهمەکانی قەبیلە رزگارکرد.
چوومە سەر منارەکەی بۆنی گەندەڵیی وڵاتەکەم دەکرد.
ئافاتێ ئاڵایەکی هەڵگرتبوو بە کۆڵانەکاندا دەسووڕایەوە.







ریش تا دەهات درێژ دەبوو، عەبا تا دەهات ژن و پیاوی قووت دەدا. منیش لە میحرابەکەی باوکمەوە بە رووتی هەڵهاتم.

**چووزانم لە کوێ بووم!!**

ئیتر زەمەنی فێڵ هاتە پێشەوە. فێڵ لە هاورێ بەشەرەفاکانم نا، فێڵ لە نووسین و بەها ئەزەلییەکان نا، فێڵ لە قەدەری قەبیلەو گۆڕی هۆزەکەم نا، فێڵ لە سیاسەتمەداران و بەچکەی





سەهۆڵبەندان نا. فیڵێکم لە خۆ کرد! لە راستیدا من تەنها هەر بە خۆم دەوێرام. من بەری هەموو ململانەکانی خۆمم.
ئەمەش گەورەترین شەرفە بۆ ئێوە.

شەوی شەش کۆتایی نەدەهات و کۆتایی نەهات. ئەمەش تەنها تەلیسمی کازێوە تەفسیر دەکات.







**شەشەڵان بوو شەوی شەمشەمەکوێرە!!**

ئیتر لەو شەوەوە قەڵەمە دارینەکەم بە دەستەوەیە. نالەکەی ناوی دەیەها چیرۆکی عەنتیکەی بیردەخستمەوە. هەشت و حەوتەکەی سەری سەرئێشەی موزمینی بۆ قەبیلەکەم نایەوە. ئایا ئەوەی لەناو دڵی قەڵەمەکەمدایە "پێڵاوی یەک سم لە ئاسنە"؟ ئایا "پارچە ئاسنی ژێر پاژنەو کەوشە"؟ ئایا





کەسێکەو دەناڵێنێ. ئایا کڕووزانەوەی ئەبەدی لێقەوماوانی بەر دەوارەکانە؟ ئایاو ئایا...
"نالی"ی چەندین دەیە بوو مردبوو، کەس نەیدەزانی گۆڕەکەشی لە چ گۆڕستانێکدایە. کەس نەیدەزانی کەی و چۆن مردووە، کەس نەیدەزانی...لەنێو نەزانیندا، حەوتەکەی سەر لامەکەی وەکو تیرێ لە جەهلەوە بەرەو جەهەننەم دەچوو، لە جەهەننەمەوە بەرەو جەهل...







## قەڵەمە دارینەکەم فڕێدا...

هەموو قەڵەمەکانم فڕێدا. مێشکم لەبەر هەتاو و گڕە تەکاند، لەشم بە ئاوی نەزانین و فەرامۆشکردن شۆرد، دڵم قاشقاش کرد. ئاوڕم نەدایەوەو دە جار لە رووبارەکەی ئارف پەڕیمەوە.
(ئارف دەکەوێتە شاری ژنێف بە گەڕەکی کارووژدا تێدەپەڕێ. لەم دواساڵانە ناوم نابوو رووباری سیست. مەبەست رووبارەکەی





جەهەننەمە کە مردووان دەبێ لێیدەن بۆ ئەوەی فەرامۆشیی لە زاکیرەیان مارە بکەن).

هەر دەجارەکەی شەو بوو. شانەشینی شاعیران بۆ ئەوەی بەرد هەڵدەن و مانگ هەپڕوون بە هەپڕوون کەن. مانگ قوونی کچێکی ئەورووپییەو دەیان پەناهەندە بە داوییەوە خۆیان هەڵدەواسن.







## پەڕینەوەی یەکەم

خۆم رووتکردەوە وەکو سیاسەت. دەرپێیەکەم بە لقی دارێکەوە هەڵواسی کە ئاکاسیا[1] یان پێدەگوت. شەڕواڵەو جەمەدانییەکەم دایە دەم ئاوەکەو قەدەرێ ئاو راوەستا. جەزیریم بینی لە دەمئاو، تارات دەکات و دەستنوێژ هەڵدەگرێت و بە ناولەپ ئاو هەڵدەگرێت و هەردوو کوونە

[1] ناوی درەختێک و ناوی گەڕەکێشە لە شاری ژنێڤ.





لووتی پڕ ئاو دەکات و فننێک دەکات هەموو کێشوەرەکە لە خەو رادەچەڵەکێنێ و شیعر وەکو پژمین دەڕژێنە ئاوەوە. لە ئاومدا، شەختە لەسەر شانم کۆبوونەوە. گەیشتمە ئەوبەر... بیرم دەکردەوە شتێک نەمابوو ناوی خەتەرە بێت.







## پەڕینەوەکانی دی

شڵپ شلپ لە گوێی خەون تەمم کۆدەکردەوەو وشەکانم پێ دەشۆرد. حەرفێ تەریق بووەو دەیانیشیان بەقەد چڵە جەهلدا هەڵدەزنان...

## خەونەکان شۆڕش

تەقەیەک بە رێککەوت شوانێ دەیکات. گورگێ رادەچەڵەکێ: هاوڕێی ئەزەلی. سەگێ دەوەڕێ و





دەبێتە سەگوەڕ. تەقەیەکی دی لە کوونە شاخێ دەنگدەداتەوە...زایەڵەیەکەو ناگیرسێتەوە...وێرگوڵ دەستی یەک دەگرن زەماوەند بۆ خاکی سووتاو دەکەن.

**شۆڕشەکانی خەون**

دەیان کتێب شانیان داوەتە یەک... دەروازەیەک دەکرێتەوە... مانگ سکی ژنێکە،







تریفەی مانگ تۆماوی زیوین کردووەو شمشاڵی لە پەیکەرێکی دارین پەخشانە دەنگی، سەدای بە مرواری رەش دەنووسرێتەوە.

پرسیارەکانم ئاراستەی مارمێلکە کرد، ناولەپم نایە سەر شانی کەرە دێزێ، هەردوو گلێنەکانم نوقم کردە سەر فەرووی پشیلەیەک، بە دوو پەنجەی لەرزۆک، بە خەتی کووفی لەسەر دەنووکی کۆترێ نووسیم... دووپشکێکم خستە سەر پشتی دەستم و ختووکەی دڵی دەدام.





لەگەڵ گورگێ لە یەک پێخەو نووستین. لەبەر سێبەری ئەسپێ شیری بزنم فڕکرد. چوومە کاژێ مارێکەوەو دەمامکی ئەژدیهام نووساندە قەد رووخسارم و لە خیابانە چۆڵەکانا هەڵپەڕیم.
حەزیایەک قووتی دەدام و گوێم لە نەڕڕەی شێر دەبوو، کەرتە هەوری مەیوو هاژەیان دەهات و خەڕەند دەیخواردمەوە.

کۆنترین کتێبم کردەوە: باسی دەردەکانی







دەکردم و دەستێ بوو وەکو مافوور لە پێشم راخرا؛ قەد لەوەو پێش باڵای خۆم نەبینیبوو، هەستم دەکرد جاران، پشت کووڕ، بستەباڵا، تامێسکەی سالان دەموچاوی کرۆژتبووم، پەنجەکانم چرۆیان کردبوو و قژم خاو دەگەیشتەوە چۆکم و گەلێ شتی دیکەش...

کتێب: ئەو عاجباتییەی کە میللەتەکەم بەپێ دەچێتە سەری و بە نووخان بریندراری دەکات. کتێبی خەون بوو کە باوکم هەموو





سەرلەبەیانیانێ دەیکردەوەو خەونی گەڕەک و
شاری پێ لێکدەدایەوە. باوکم دەیوت: "هەندە
نابات باهۆزێ هەڵدەکات. باهۆزێ لە باشوورەوە
دێت. گەردەلوولی لەمەو چاوان کوێر دەکات.
بەڵایەکە لەناو چاوی مێژووەوە دەگاتە
کۆڵانەکانمان، منالْمان رادەپسکێنێ، ژنەکانمان
بە بێوەژنیی دەرگا بە دەرگا دەڕۆن سواڵ لە
تاریکیی دەکەن، زارۆڵانمان هەتیو هەتیو
سەیری ئاسمان دەکەن و خۆڵ دەبارێ.
هەندەی نەدەبرد کتێبە رەنگ زەردەکەی







دادەخست و باوتۆز لە پەنجەرەکانەوە دەهاتە
ژووری، پەڕەی کتێب، سیپاڵ و کاغەزی
نوشتە، پەرداخە ئاوێ، هەندێ سووتماک چاوی
ئاسمانیان کوێر دەکردو جارێکی دی سواری
گوێدرێژەکان دەبووینەوە لێقەوماوی بێئاو لە
پاڵ بیرەکان دەخەوتین.

دەوەرانێ بوو بە بێ رابردوو و بەبێ ئایندە.
ئێستایەکی چەقیو، ئێستایەکی تۆقیو، ئێستایەک
وەکو ئێستا چەقیوەتە دڵمان.





دڵمان وەکو شاری لمستان لەنێو بێژنگی زەمەن، سۆلاڤێکە بێ رۆح دەڕژێتە خەرەندی عەدەمەوە. ئا لەو دەمەوە دەڕژێمەوە سەر کاغەز کە دەوری ئاواییەکانی دەدا... لە کوونی دیوارە خۆڵینەکاندا، قشپل و تەپاڵە هێمنیی دەداینێ و هەستمان دەکرد کە دونیا پانەو ئەودیویشی ئۆقیانووسە زومەڕەدییەکانە... ئەودیو هەمیشە دەیحەپەساندین، ئەودیو مژێ بوو دەلکایە پاژنەو قژی سیامان کانییەکانی دەزیواندو ئێمەش یەک لەدوای یەک، دوو







دوو، قەتارەمان دەبەست و چەمۆڵەیەک لە نیشتیمان و لە رەهەندستانەکاندا قەسیدەمان دەهۆنییەوە...

لە وڵاتی لە شووشە دروستبوو، لە سەهۆڵ دروستبوو، لە کریستاڵی ناسک وەکو شیعرێ، رەق وەکو وشە، بە تەمای گەڕانەوە بووین لەنێو زمانەکان و بە تەمای زۆر شتی دیکە بووین کە ئاوەزمان بەسەریدا نەشکا. دەچەماینەوەو پێستی خاکمان دەکردە بەر... قووڵترین برین بوو بۆ ئێستا.





سەرەتا کە گەیشتمە ئەو هەوارەی کە ناوم نابوو رەهەندستان، وامدەزانی ڕێگاکان فرەن و ئاسۆکان هەمیشە وەک نارنجۆک شەق دەبەن و منیش هەمیشە بێسوود، بێهوودە لەسەر پەراوێزی حاشییەکان سەرخەو دەشکێنم. سەرەتا هیچ شتێک لە ئارادا نەبوو، تەمێکم کردبوو مێزەرو کەوایەکی شۆڕم لەبەردەکرد، هەر بە کەواکانی باپیرەم دەچوو، ئەوەی لە دەشتی دزەییانەوە لە باوڵێکی نابوو، لە حەسار مەحەتە دەیکردە بەری.







منیش وەکو گوژاڵکێکی نەگەیو لە گەرمیان، لەو دەشتە پڕ ئەجندەیەی خەوێکی قورس بردمییەوە. شیوەکەی نێوان زەردک و یارمجە، دەمێک وەکو رەقیم لە ئەشکەوتێ، دەمێ لە ئوحود دەهاتمەوە، دەمێک سوورەتاکانی ئەنفالم ئەزبەر دەکرد نەمدەزانێ ئەم شمشێرە دوو فاقە، فاقێکی لە پشتم دەچەقێ و فاقەکەی دیش لە دڵم.





دەمێک غارغارێنم دەکردو لە سەربانەکان غەنیمەم کۆ دەکردەوەو دەمبەشییەوە دەم با، دەمێک ئاوی زەمزەمم بە حاجیان دەدا، دەمێک مەتارەکەی پشتم بەلا سمتم شۆڕ دەکردەوە. دەمێک گێلێ بووم لەژێر کەپرەکەمەوە سەیری دونیام دەکردو دونیا







لەسەر رەشماڵەکەم دەمیان نابوو دەمی دراکوولا([٢] ).

هەندێ لە عیشق دەگەیشتم، مەبەستم سەرجەم غەزەلەکانی ئەودیوە. هەندێ ئیشراق وەکو تامێسکە لێوی دەچووزاندمەوە، دەمێک دوومەڵی لەسەر پشتم کێمی دەرکردبوو.

[٢] لە خرافاتەکانی ئەوروپادا، ناوی رەگەزێکە کە بە رۆژ لەنێو تابووتەکان دەنوون و بە شەو دەردەچن و گاز لە ملی هەر کێیەک بگرن دەبێتە یەکێک لەوان.





دەمێک وامدەزانی ئەبجەدو هەوەز مێژووم دەخوێنێتەوە...

## خەونی حەبەلوول

لچی خۆڵ وەکو گەرمایی نێوهەنگڵی شازادە بۆ حەبەلوول. چاوسیا، تاریک هەنییە، لوول دەخوات، شۆڕدەبێتەوە مەملەکەتی بەختیاریی، قووڵایی خەونەکانی ئینسان، لەوێ لێی دەخەوێ تا زەنگی گزنگی یەکەم هەڵیدەسێنێ.







کە هەڵدەستێ دونیا شەوزەنگە لە مشتی، دونیا رۆندکە لەسەر دڵی، دونیا گوڵێکە بەسەر تەوێڵی شۆڕبۆتەوە.

## خەونەکانی ئێمە

ئێمە بەچکەکانی توندوتیژین و بە نیانیی لەگەڵ دونیا دەدوێن و شاعیرانە هیتران هێمن دەکەینەوەو توندوتیژن لە ناواخن. دڵمان بەقەد





کەستەکێ زلەو هەموو رۆژێ دەیان جوێن هەناومان دەسووتێنێ. ئێمە کوردەکانی ئەودیونین، دیاریکردنێکی گەوج بۆ جوگرافیا.
نەزانین و شیعرو چیرۆک و فەلسەفە هەر بە کاڵی قووت دەدەین. سەلکە گێزەرو قافیەمان لەلا یەکە. دەست بە قژ منداڵا دەهێنین و رقمان لە منداڵی خۆمانە، جەستەمان لە دە لاوە درزی بردووەو پێی نازانین. پێدەکەنین و دڵخۆشنین کە بیچمی خۆمان لە ئاوێنە







دەبینین. هەستدەکەین باڵامان بەرزەو گرێی قەزممان هەیە.
بە کوردی دەخوێنینەوە. بە کوردی دەنووسین. زمانانی بێگانەمان خۆش دەوێ.

**خەونی کوێلە**

هەر دە شاباڵم گریان گرت. بەربوومەوە. ورچە گەورەکەی ئاسمانەکان بووم، لە پڕێکدا گێژبووم و کەوتمە خوارەوە. بەسەر سک





دەخشێم. ئاسمان قوڕاوییەو نزیکدەبێتەوە.
لەسەر پشت دەخشێم. پەنجەکانم بەرەڵا
دەکەم.

هاوارێک دەکەم لە
تەواوی کێشوەرە کۆنەکە دەنگدەداتەوە. لە
گەوەکانی ئەلبەوە، لە پیرێنیەوە، لە دۆڵەکانی
ژووراوە، لە چیاکانی غەرناتەوە، لە کۆڵانە
تەسکەکانی تولەیتەڵەوە، لەبەردەم
مزگەوتەکەی قوورتوبەوە، لە شارە کۆنەکەی







ژنێڤەوە، لە بەرزاییەکانی لۆزانەوە، لە دەم
دەریاچەکەی زوریخەوە، لەبەردەم دانیشگاکەی
سەلامانکاوە، لە قەد دیوارەکەی کەتێدرالەکەی
میلانەوە، لە قەرەباڵغییەکەی کۆڵنەوە، لە
فرۆکەخانەکەی فرانکفۆرت و هەولێرەوە، لە
مەززەو قەیسرییەکەی دیمەشقەوە، لە
جۆگەلەکانی تارانەوەو لەسەر چەقۆ کوولەکانی
بەغداوە، لەنێو مێزەرە رەشەکانی کووچەکانەوە
دەنگێک دەداتەوەو کاسم دەکات...





هەرچەند دەکەم ناتوانم ئازاد بم.
گوڵێکی سیسبووەوە لە من شادترو ئازادترە،
بەردێکی لاتەریک دەبینم ئێرەیی پێ دەبەم،
چەوێک دەبینم لاسایی چاوی مار دەکاتەوە،
رۆشنایيەک دەبینم لە درزی دیواری رەها دەبێت و پیدەکەنێ،
درەختێ دەبینم زاکیرەی کەسکە،
کۆترێ دەبینم دەنووکی لەژێر باڵی ئەویتر شاردۆتەوە،
کچێک دەبینم پەنجەی شایەتمانی دەمژێ،







قۆپچەیەک دەبینم رادەپسکێ،
گولێ دەپشکوێ،
کیسەڵێ دەبینم لە من گورجتر هەنگاو دەنێ،
لاشەی مردوویەک دەبینم خەون بە منەوە دەبینێ،
لاشەکەی خۆم لە خەونی خۆمدا دەبینم،
دەیانجار کەرت بووە،
نێوچەوانی داغکراوە،
برۆکانی بە زۆر راکێشراون،
گوێم لە هاوارێک دەبێت لەسەر پردێ،





گڤڤەی چییە!!!
مێشکی کاس کردووم.

هەڵدەسەمەوەو بۆ ئەوەی دەجاری دی
بکەومەوە.

**خەونەکانی ئیرۆتیک**

ئەم چەند دێڕە بۆ تۆ دەنووسم، ئەی شاعیری
ڕۆمانسی، ئەی نەگبەتی چەرخەکان!







وشەی جەستە بەنێو لەپمدا دەچەمێنەوەو گەڵایان دەگرت. گەڵای تەنک سێکسی دادەپۆشی و هەڵاڵەی دەدا بۆن. خوڕەی دەهات زایەڵەی ماچ، تریفە هێشوو بوون دەکەوتنە سەر جەستە. بست بەبستی ئەو دونیایەیان دەلێستەوە. میوەی دەگرت درەخت، هەڵووژەی دەگرت بەفر، ڕەشایی بوون چرووسکانەوە قووتی دەدا.

دونیای زمان بوو لەسەر زمانم کەڵەکەی دەبەست.





زمانێ بوو لووس و شێدار، لەسەر جەستەم سێبەری دەگرت، سێبەری شەهوەتی یەکەم. دونیایەک بوو شەقی دەبردو حەز شکۆفەی دەکرد، نەمامێ بوو هەڵدەگژاو شوێنگەڵای بەسەر لەشمەوە جێدەهێشت، شوێنگەڵای رووناکی بوو و پەڵەیان دەگرت و چراخانێ بوو لەززەت.

تووشی شاگەشکەی چەوێ بوو لەناو چاوان، شاگەشکەی ئاوێ بوو دەتریقایەوە، شاگەشکەی هەنارێ بوو لە حەزمەتدا دەتەقی.







هەناراوێ جۆگەلەی دەبەست و رووناکی سەفەری دەکرد. هەناراوێ جوگەی دەبەست و بە تەنیشتم ژیانی دەگرت. دانە دانەم هەڵدەگرت و دەمتەقاندە بنمیچی مەڵاشووم. چاوم دەچووقاندو ئەوجا دونیا دەکرایەوە. تاریکییەکی هێمن شاڵاوی بۆ دەبردم. درەختێ بوو لە سینەمەوە دەردەپەڕی...

سنووری درەخت و من نەمابوو. دەست و گیا یەک شت بوون، لەژێر مەمکەکانمەوە





زاکیرەی ئەو شین دەچووەوە. هەردوو مەمکە تورتەکانم ماسی بوون و بۆنی ئاویان دەکرد، ئاوی رەشی شەو کە تریفە دەیخواردەوە. دوو ماسی بووم لەنێوان چەو و تریفە پڕ گوێچکەکانم نمە دەبوون. رووەکی کێویم قووت دەداو تامی قەوزەم دەکرد.

جووتێ ماسی ماندوو بووم لەنێو ئاوەکانی لەززەت. گەزم دەکرد بە حەز.







ماسیی زەمانی زوو بوون، لە قەراغ ئاوەکان باڵیان دەگرت. نزم بەسەر عەرشەکانی ئاودا باڵەفڕیان دەکردو مەغریبەکان ماڵئاوییان لێ دەکردن.

جووتەباڵی ژنێ بوو کە نەیبوو لە حەسارەکانی ئێمە. بەهاری جەژنەکان بوو. پیاوەبۆرەکان بە دەستێکیان تووکەبەریان لوولدەداو بە دەستێکیش سروودیان بۆ ژن دەوت، بە





دەستێکیان تووکی سینەیان لوولدەداو بە
دەستێ سروودێ بۆ نیشتیمان.

پیاوان بوون ژنیان دەخستە سەر هەردوو لەپ
و بەرزیان دەکردەوە بەرەو هەتاو. پیاوان بوون
ژنیان کەڵەکە دەکردو دەسپەڕیان لەسەر
نەگبەتیی لێدەدا.

ئیرۆتیک سیحرێ بوو بێ ساحیر.

ژنانمان تا شاخ بردو جێیانمانهێشتن،







ژنانمان تا میهرەجان بردو خۆمان کشاینەوە
ژنانمان تا سەهۆڵبەندانی ئەورووپا بردو
قفڵمان لە دەرپێیەکانیان دا
ژنانمان تا دەریاچەکان بردو
لە کاتی گەڕانەوە ماسی بوون.

ژنانمان کەوتنە دەست هیترانەوە،
غەریب غەریب لە کێشوەرەکانی باکوور
غەمگین لە شەختەکانی بەهار رادەماین
دەتوانەوە...
هێچ شتێک نەتوایەوە...





سەهۆڵبەندانی عەقڵ و
بیابانی دڵ،
گەردوونی تەنهایی و
گوڵەڕاخراوەکانی بەرباران..

منیش تەنها مامەوە:
دایکێ بوو نەمناسی
میمکێ بوو دەتوت جوانە
نەنکێ بوو لە زاکیرەی باوکم شتی دەوت
خوشکێ بوو لە شەرما دوورکەوتینەوە







ژنێ بوو بە ڕێککەوت یەک دوو مناڵ کەوتە
نێوانمان...
لە زاکیرە قووڵەکانیشم کچان
لە کەنارەکانی وشە ئاگر بەردەدەنە
ڕەشماڵەکەم.
ئاوێکی سازگاریش بە بەردەم کووچەکانمدا
جۆگەلە دەکات.
چەند پێپەتییەک بەسەر شەختەی عومردا
سەمادەکەن





لـە پاوانـەکـانی مـەغریـب شـەرابـی سـەیـر
دەخۆنەوە.
لەژێر دارستاندا لە سێبەرە دروستبووەکاندا
مەمکیان دەدەنە بەر تیشکی پرتەقاڵ و
رۆشانیی دەرِشێتەوە.

هەرزەکارەکانی ئەورووپا بوو
لەسەر پاپلقەکانی بارِەکان
تا هێزم تیا بوو لێوەکانیانم دەگووشی
پەنجەکانم وەکو قەفەز







مەمکیان دەکردە مەل
کەمەریانم لە کەمەر دەئاڵاند
بازووم وەکو لاولاو
لوولدەداو گەردەلوولێ قووتێ دەداین.

لە حەوشەوە تا چیمەکانی "ئۆبوو دو مۆند[٣]"
حەزەکانم وەکو فەرشێ راخست

[٣] بنی دونیاو ناوی گەرِەکێکیشە لە شاری ژنێڤ.




عەشقی لەش بوو گڕی مێژووەکانم هێور
کردەوە.

ژنانم بینی وەکو قەتارێکی ڕەش لوولیان
دەخواردو تەنها هەر دوو چاویان بەدەرەوە؛
توێژێ کلی چەور چاویانی هەند ڕەشکردووە
هەموو حەزی ڕۆژهەڵات گڕی دەگرت.





ژنانم بینی ئاڵای ڕەشییان بە دەستەوەیەو
لەسەر ڕێگاکان ڕاکشاون و بەسەریانا بازدەدەن
شەیتانی جەهل.
ژنانم بینی لە دەرچەی ئاگر پژێنێکەوە دەسکێ
گوڵیان بە دەستەوەو وەک چۆڕاوگەی ئاگرین
هیشک بوونەتەوە.
ژنانم بینی تاک تاک
لە ژوورە دیوار ئەستوورەکاندا، بە تەنها، لەسەر
دۆشەکە ڕەقەکاندا، بیردەکەنەوە،





بیر لە رابردوو، لە رابروویەکی وەهمی، پێش ئەوەی ئادەم لە بەهەشت سیکتر کرێت.
ژنانم بینی لە حەمامەکان پشت یەک دەشۆن
جەستە نوقمی کەفاوەو کەفاو نووقمی حەزن...
زۆر شتی دیکەم بینی...

**خەونی ئاوێنەو ورێنە**

نووقمی ئاوێنە بووم دوێنێ. نووستم وەکو جیوە. دەبریقامەوە. جوولەم لەخۆ بڕی. جرووکە







جرووکم هەر هەندێ بوو. پییاح رەش دەچووەوە بێزاریی، سپی دەچووەوە حەزو غەمگین دیاربوو بەهار. تا توانیم قوڕم لە بەهار گرت. مستێ قوڕەڕەشی جەهەننەم هەردوو پێڵاوە سەربازییەکەمیان قووت دا، مارێک بە تەنیشتمەوە زمانێکی لە رانم دەسووی، زمانەکەی دی پێڵووی دەلێسیمەوە.

**دەمردم و دەژیامەوەو دەمردم.**

نازانم چەندێ نووستم، بەڵام دەزانم سمی وڵاغ





بەتەنیشت قەبرغەم تێدەپەڕی، رمێک لە
کوونە کەپوومەوە دەرچووبوو، شمشێری
باووباپیرانم سکمیان وەک گندۆرە هەڵدڕی.
قەتارەی مێروولە لە گوێمەوە تا دەنگدانەوەی
زەمین دەخشان، قالۆنچەیەک لە دەور سمتم
خەونی بە تۆپە گووەوە دەبینی.

هەتا نەخەوتبووم ئاگرێک لە هەناومەوە بای
جۆشدەدا، گۆرانییەک لە جەستەمەوە







دەگەیشتە کەنارەکانی تەنهایی، ئاوازێک
عەودالّ، تەمێک گوناح وەکو پەرچەم شەوەتی
دەشۆردمەوە.

لەنێو زەمەنەکان یاریم بە خۆم دەکرد.
کەوتبوومە دەست زمان و یاریی پێدەکردم.
هەندێ دڵشادو زۆریش وریا.
وریاتر لە گیا
هێمنتر لە بیر
هیشکتر لە هەست





هەستیارتر لە کوێر
غەمگینتر لە مانگ
بە جورئەت وەک هەتاو
تەنها وەک سێبەر
خەوتوو وەک خرنووک
شیاو وەک شەم
بێتەمەن وەک پەپوولە
بێگیان وەک پەری
لاسار وەک هاوڕێ
بێوەژن وەک وەفا







ژن وەک پەنجەرە
رووخۆش وەک هەژار
ماندوو وەک سیاسەت
دڵدار وەک دیکتاتۆر
غەمبار وەک کورد
بێعار وەک عارەب
شکۆدار وەک فەرەنسی
جووتیار وەک ئیسپانی
قۆشمەچی وەک ئیتالی
تاریک وەک سویسری





دووگیان وەک بەلجیکی
لاتەریک وەک پرتوغالی
بەهەرا وەک مەغریبی
شەڕانی وەک جەزائیری
مولائیم وەک کابیلی
سپی وەک سعوودی
بێ پاسەپۆرت وەک سووری
بێ وەتەن وەک لوبنانی
بێ بیابان وەک توونسی
سەوز وەک لیبی







ڕەش وەک سوێدی
تەڕ وەک ئەهلی کەهف
بێچارە وەک تورک
مێزەر وەک ئەفغانی
کەئیب وەک رووسی
فەقیر وەک تیبتی
دەوڵەمەند وەک هیندی
شەپرێو وەک پاکستانی
بێجێگا وەک بەدوو
بێشکل وەک جیوە





دەنووستم لەنێو درزەکانی ئاوێنە
کاتێکیش لە خەو هەڵسام عاشقی خۆم بوو
پڕ بە دونیا باوەشم بۆ خۆم کردەوەو ئاوێنە
وەک برووسکە شەقی بردو مراواری باری...

## سیاسەتی خەون

سەردەکەوت وەک مەلێکی باڵهەڵکێشراو. مەلی باڵهەڵکیشراو لە کاکێشانەوە دەهاتە خوارێ،







لەناو چاوی هەتاو ئاوی خورادبووەو پڕ دەنووکی گڕبوو و شائەستێرە دەکەوتنە کۆشم. کۆرپەکەم تا حەلحەلەی ئاسمان بەرزکردەوەو ئەستێرەکەیم پێ نیشاندا. ئەستێرەکەی ئەو وەکو هی قەبیلە نەبوو، ئەستێرەی ئەو تەڕ بوو وەک زاکیرەی مەریخ. پەنجەی شایەتمانم بۆ درێژ کردو شینییەکی قەترانی بارییە سەرمان. پەرچەمی کچەکەم تەڕبوو و خووناو رژایە سەر پەنجەکانی پێم. ئۆخژنێک لە قەبرغەم لە دایکبوو بیرم دەکردەوە.





لە زۆر شتی هیچوپووچ بیرم دەکردەوە:
لە ئاخرشەڕییەک تووشی هۆز دەبوو.

## خەونی دایکم

کۆتایی بەهار. فۆتە سپییەکەی سەری وەکو پژدێنەکەی هۆکاشە شین دەچووەوە. گوندەکانی یارمجەو قەرەسالم و توڵکی و برێسپان و بیبانیی و کارێزو بیلاڵک و لەسەر هەمووشییەوە ئاواییەکانی زەردک چەمانەوەو







کەمێک غوباری ئەزەلی دەشتی ساڵەیی هەڵگرن و هەواڵەی خودای کەن. ئەو بەیانییە خودا درەنگ لە خەو هەڵسا، چێشتەنگاوێ بوو، تەیمومی بە غوبار کردو کەمێک داماو لەبەرخۆیەوە وتی: "ئەرێ بۆچی ئەم قەومەم لە ئازار دروستدەکرد"؟؟؟

## خەونەکانی دی

خەونی دی زۆرن...





هەندێکیان هی خۆمن و هەندێکیان هی برا
شاعیرەکانی دیکەمن.
ئەوانەی یەکترمان خۆشدەوێ و ناوێ...
ئەوانەی شەڕێکی سارد لەنێوانماندا
هەڵگیرساوە..
ئەوانەی کە بە ڕەخنەو نەقیزە بە یەک شت
دەزانن
ئەوانەی تائێستا بە زوولفی وەفاییەوە دێنە
خوارێ







ئەوانەی تەنها هەر وشە ریز دەکەن و ناوی
گوڵەکانی حەوشەی خۆیان پێ نازانن

خەون زۆرن بۆ شاعیرکانی دی:
بۆ خانی
ئاگرێکی لەنێوان لینگی زین جۆشدا

بۆ جزیری
ئاوێکی خەفیف، سوخمەو قەدیف
لە بنیا زەریف عەجیب بوو





بۆ وەلی
باران لە دڵم، باران لە دڵم
کرێوەی دەرێ و باران لە دڵم

بۆ شێرکۆ بێکەس
چیاو سەهۆڵ و پریاسکەی وشەم
دەنێرمە ئەودیو هەمیشەو هەردەم

بۆ لەتیف هەڵمەت
پرچی کچەکانی بەغدا







ڕەشماڵن بۆ تەمەنم

بۆ ڕەفیق سابیر
تونێلێ دیارەو ڕۆشنایی ئەبەدی

بۆ فەرهاد پیرباڵ
منم سوریالی تەیراوە
لە منارەی چۆلییەوە دەڕوانمە ڕۆژئاوا

بۆ دلاوەر قەرەداغی
ڕێگایەک هەمیشە غەمگینم دەکات





بۆ هیوا قادر
تا تەمەن ژوور هەڵدەکشێ
حەزێکی نوێ لە دایکدەبێ

بۆ بەختیار عەلی
عەشقێک وەکو خەم دەمسووتێنێ

بۆ غەمبارەکان
تا دێت غەمبارترو غەمبارترو







هیچیش دیار نییە

بۆ بریندارەکان
خوێنێکی هیشکم هەمیشە لێوە دیارە

بۆ ئاوارەکان
لەنێوان گوندو هەولێر
بە ملێون خێرایی تیشک دەپێوم





بۆ بەجێماوەکان

نە شەمەنەفەر دیارە
نە هێڵی ئاسن

بۆ دڵدارەکان
لەوەتەی هەم لە دڵم دەگەڕێم
نەمزانی ژنەکەم لەسەر رەفەی مەتبەغ دایناوە

بۆ زامدارەکان







رچەکانی نێوان من و ئەوان
بە دەریاچەی زامەوە بەندە

بۆ دەسبەتاڵەکان
سەرقاڵم تا ماوم

بۆ گەنجەکان
چاو دەبڕنە ئەزموومی هیتران و
خۆشیان چششش...



ئەحمەدی مەلا

بۆ منداڵان
ئاسمانێک بۆ کێڵان

بۆ ئاسمان
هەتیوی ئاخرزەمان

٢٠٠٦-٢٠٠٧

## قەسیدەی دووەم





## پزیسکەکانی مەنفا

### پێشەکی بۆ قەسیدەی دووەم

ناونیشان هیچ شتێکمان پێ نالێت تەنها وێناندنی چەند تاڵە پزیسکێکە کە لێرەوە دەیانەوێت لەدایکبن. با ئەم پرسیارە بکەین:







ئایا دەگەنەوە ئەوێ یا ئەوەتە لە کشانەوەیەکی ئەبەدیدا خۆیان وندەکەن؟
خەونێکی دیکەیە کە لە یادەوەرییە خەونینەکانەوە لە دایکبووە، تێکەڵی ئێستاکان دەبێت و لە رابردوویەکەوە هاتووە کە ئاسان نییە دەست بەسەر مەوداکانیدا بگرین. چڕکردنەوەی رەگەزە پەرتوبڵاوەکانی واقیعە، ئەو واقیعەی خەریکە لە دایکدەبێت و لەباری دەبەن. لێرەوە نووسین هەوڵێکە بۆ سەرخستنی پرۆژەیەک کە لە خودی خۆی گەورەترە، هەر





بۆیە بەسەر خۆیدا دەشکێتەوەو لە واقیعێکی دیکەدا جێگیر دەبێت کە ئەویش دەقە.

مەنفا جوگرافیایەکی نویێ نییە، بەڵکو تەواوکەرو درێژکراوەی هەموو شوێنەکانە کاتێک خەونی ئینسانەکان هەند تەسکدەکرێتەوە کە رەگەزە ئینسانییەکانی خۆی لەدەستدەدات. نیشتیمان و مەنفا دەبنە مورادیفی یەکتری.





دادو بێدادم بوو لەو شەربە ئاوانەی کە دەڕژانە سەرمان شەربەی یەکەم لە ئاسمانی دووەمەوە دەڕژا هی سێیەم لە دەیەمەوەو ئا بەم شێوەیە تەبەقەکانی ئاسمان لەلایەن حەشاماتێک لە مەلائیکەی پێخواس دروستدەکران مەلائیکە ئێشکگرەکانی خەلقی یەکەم ئەوانەی باڵیان لە ئاگرو شاپەڕیان لە رووناکی لە چاوانیانەوە ئاوێکی سازگار تێکەڵ بە نوور دەبوو.







دادوبێدام بوو لەو حەمکە شتەی کە لە زاکیرەم کۆدەبوونەوە ئەوانیش وەک ژێرزەمینە تەڕەکان نهۆمی خۆیان بە دەسەڵاتێکی پەنهان رێکدەخست.
خەلقی یەکەم مینا گرێکی جەهەننەمی پاژنەکانی بەرزدەکردینەوەو تا فێرە فڕین دەبووین عاشق و مەعشووق بە پێخواس خۆمان دەدایە دەم ئەو گەمییانەی کە لە ئاوی سوێر دەگەڕان و مافوورە نارنجییەکانیان رادەخست بە ژێر هەورە زۆڵەکاندا دەفڕین.





شیرینەکان دەلینگ مۆرو پەرچەم تاسەر گۆی
مەمک شەتاوەی دەدا گرو لەززەتێکی
پەنهانیش لە دەور شمشاڵە برۆنزییەکان گرد
دەبووەوە حەزێک لە بنارەکانی دونیاوە شالاوی
دەهێناو هەموو شتێک دادەچۆڕی.

خەلقی قوڕو بەنیئادەم بوو سەرجەم حەواکان
لە بانێژەکانەوە سەیری خوارەوەیان دەکرد
شاعیرانی سەدەی بیستویەکەم کە







بێدەسەڵاترین عاجباتین شەڕە تۆپەڵ و شەڕە
وشەو پەیڤەکانیان بەقەد تەنافەکاندا
هەڵدەواسن پەڕەسێلکەی بێویژدانیش بە
دەنووک زاکیرەی بەهار دەبووژێنێتەوە
قۆناغێک ئاوا دەبێت قۆناغێکی دی بەسەرمانا
وەک قوڕقوشمی تواوە دەڕژێ.

هەموو کارەساتەکان دەژمێرین جوان جوان لە
ئەرشیڤەکان هەڵیاندەگرین تا دادوەرییە
گەورەکە سازدەکرێت پیاوانی هۆزیش بە





خۆیان و بوخچەی ژێر هەنگڵ ئامادە دەبن تا
تامێسکەکانی سەر لێویان پیشانی حەشامەت
بدەن.

منیش وێنە مەزنەکەم پێیە وێنە گەورەکەی
ویژدانی هەموومانی تیا تۆمارکراوە عەورەتمان
لەژێر هیچ گەڵایەک جێی نابێتەوە شەو
داماندەپۆشێ و گزینگ نەقیزەمان لێدەدات







وشە وەک پشقل لە دەمی گەورەکانمان قل قل
دەکەونە خوارێ دادگا داگیر دەکات.

ئەسپسوارەکان دەگەڕێنە ژێر کەپرەکانیان
وشترسوارەکان بارە خوێیەکانیان لەسەر
تەپۆڵکەکان دادەنێن هەتاو بروسکە لێدەدات
بەردە نایابەکان غل دەبنەوە.
ئەوانەی سواری با بوون لە دەور ئاخورەکان لە
تەنیشت دادگا لەسەر چینچک دادەنیشن و





مێزەرەکانیان لە کوونی لووتیانەوە چۆڕەی دێت
کە بەهارێکی گزنگەجار کرێوە دەبەستێ.

جەنگەکان کۆتاییان هاتبوو نەماندەزانی چ لە
ئاشتی بکەین ئێمەی فێربووی شەڕەکان
قۆناغەکانمان لەسەر چۆک وەک گوێزی
کالیفۆرنیا دەشکاند چەک لەدەستەکان لەژێر
عەباو لەژێر مێزەرو لەژێر شەراولەکانی
چاخەکانی ناوەند وەکو دومەڵان هەڵدەتۆقین







کەسێک نەبوو ئەم ئاژاوەیە بگەڕێنێتەوە
سەرەتاکانی خۆی گرێیەک لە تاریکیی بدات.
حەشاماتی پێش دادگاکان وەکو گەرای سەر
گەڵای دارتوو زیادیان دەکردو شەو پەیتا
پەیتا سواریان دەبوو.

مەملەکەت لەسەر مێزە گەورەکە دادەنراو بە
کێردی کرمانجان راست و چەپ شەقیان
دەکرد شەقێک بۆ تۆ هەی پاشای پاشاکان





شەقێک بۆ تۆ ئەی بەچکەی سوڵتان شەقێک
بۆ تۆ ئەی بەچکەکانی سەڵاحەدینی ئەم
زەمەنە خزیوە شەقێک بۆ تۆ ئەی توتنفرۆشانی
بناری قەرات شەقێک بۆ تۆ رۆڵەکانی ئازادی
ئێوەی باوک و باپیر کوڕو کوڕزادە لە پشتی
سەکۆکانەوە دێنە خوارێ و ناگەنە هیچ شوێنێ.
بێدادمە لە دەست رەگی نەگبەتی ئەم نامە
جارێکی دی لە باخچەکانی نالی چوقەرەناکات







و گوڵزارەکانی وەفایی لە چلچراکانی رۆنسار[٤]-
ەوە لەگەڵ بلاچەی نەزۆک دەگەیشتنە
هەیوانەکانی سەدەی بیست.

دادوبێدادمە لەم جۆگەلەیەی کە تا دۆزیمانەوە
چۆڕە ئاوەکەی باسی بەهەڵمبوونی خۆی بۆ
دەکردین لەشکرمان تەیار دابوو رمەکان
هەمووی لە دارو قەڵغانەکان سەرابی

---

[٤] شاعیرێکی فەرەنسی سەردەمی راپەڕین





دوێنییەکان بوون پژدێنە شینەکەی ئاسمانیش دەگەیشتە بەردەرگای حەسارەکان نەوجەوانانیش بە داڵغەی ئەبەدییەوە دوای تابووتە ژەنگنەکان دەکەوتن و نەیاندەزانی کێ دەبەنە گۆڕستان و ئیمڕۆ خاتوون چەند زارۆکی بووا!

هەندێکیش لە دەوری ئاگرە ئەزەلییەکەی باوەگوڕگوڕ: هوو هوو هوو







فوویان لە ئەجندەکان دەکردو خۆیان لەژێر بەردو قایە سوورکانی رەحیماوا دەشاردەوە خەنجەر لە دەستەکان تازە پەردەی بووکێنی سەرجەم کانیاوەکانیان دڕاندبوو تک تک خوێنی زاوابوونیان بۆ مێوانان دەژمارد خوارافاتەکان لە گیرفانی مورادخانییەکان جێیان نەدەبووەوە لەگەڵ چڵەنێرگز سەرەتاتکێیان لەگەڵ بەیان دەکرد هەتیوەکانی چەمچەماڵ لەسەر جادە خۆڵەتەپانییەکە دەستیان بۆ شۆفێران راگرتبوو تا رەنگارەکان دەهاتن و لەسەر بازوویان دەنیشتنەوە.





ئـەوانـەی دیـش کـە باروبارگـەیـان مێـوژ بـوو
لـەسـەر شۆسـتـەکـان لـەگـەڵ سـێبەرەکـان
دادەنیشتن وانەیان لەمەڕ دیموکراسی دەوتەوەو
کۆمەڵگا مـەدەنییـەکان تازە لـە ئافاتی تـەزبێح
قوتاریـان بـوو بـەسـەر شـەفـەقـدا دەڕژانـەوە
هامـەرەکـانیش دوا ماڵئاواییـان لـە دوا تـەپڵـی
زەیتـوون دەکـرد ئیـسعافەکـانی خـاچی سـوور
برینی هۆماکانیان پێ سارێژ نەدەکرا. ئۆتۆمبێلە
بێ ئـەژمارەکان بـە تـەنیـشت دایکێکی زارۆک
نەدیودا هاژەیان دەهات سێبەری شتێک لە







قەڵا کەشخەتر باڵابەرزتر لـە هـەیبـەت سوڵتان
قەیسەرییـەکانی لەناو نارنجۆکێک دەشاردەوە
داشـەکـانی ئـەزنیـف لـەوبـەرەوە دەمێـک بـوو
تووشـی نـەزیـف هـاتبوون تـەلـەفۆنـەکـانی
گیرفانیش ختووکەی سمێڵیان دەدا.

چ دادێکـم هـەڵگیرساندبوو لـە گـۆڕەپـانی ئـەو
ئۆردوگایـەی کـە لـە گونـد گیـری دەخـوارد لـە
قەبرغەی تەڵبەندەکان ئاوارەکان کە





دەگەڕانەوە ڕێکوڕاست بەرەو دۆزی نیشتیمان
دەڕۆیشتن:
نە دارتەل دەمانناسێتەوە
نە پەڕەسێلکە دەگەڕێتەوە
نە کانیاو وەکی جاران لە بنیا هەڵدەلەرزێ
خوناو
نە زخە لەبەر دەرگا یاریدەکات
نە هاجەر تۆپەڵە کەرە دەهێنێ
نە کوێخا عەباس بە خۆی و مێگەلەمەڕی
لە قومە ئاوێ دەگەڕێ







نە دارسیغار بسمیل دەکرێت
نە شەربەیەک شکۆفە دەدات
نە بێستانی بۆنی شەمامە
بۆنی پەپوولەی سلێمان دەکات
نە کچۆڵەیەک لەناو پەردەی حەز
حەوزی ئاگر جۆشدەدات
نە مەقالەیەک عەشق دادەگیرسێنێ
نە مێخەکێک لە جیاتی دوو مەمک سەوز
دەبێت





نە سوخمەی کیخمەو قەدیف بۆ ماچێکی
پەنگرئاسا دادەڕێت
نە کازیوە رۆندکی بەچەکان دەلێسێتەوە.

ئاوارە دەگەڕێتەوە دوا پشووەکانی گەورەترین
چادری سەوزی بۆ هەڵدەدەن تا پەرچەمی شەو
هەڵقاچێ بۆ پەرژینی حەزەکانی تا چاوبڕ
دەکات دەوارن تا چاو بڕ دەکات حەسرەت بە
مەقەستی ئاخیرەت لەتلەتبوو.







دەمێکبوو دادوبێدابووم لەو حەزانەی شکۆفەیان
نەکرد بەرامبەر دەریا لەو کانیاوانەی تەنکتر لە
فوستانی خاتوون بەردێک لەژێریا نەدەهاتە
جریوە قەڵبەزەکانی پێرەمێرد لە ئایتەکانی گیر
دەبوون قەلەندەرخانەکان دەرگایان لەسەر
پشت و دارەڕایان قافیە.

دەمێکە دادوبێدادمە لە دەست خۆم
شەربەیەک هەڵدەگرم تا دوا ستارەکانی
گەردوون و غلیدەکەمەوە تا دەڕژێن هەڵاڵەی





دەروون و عــەتــری ئاســمانێک کــە دەمێکــە لکاوەتە پاژنەمانەوە تا زیاتر خۆ بۆ خەرەندەکان ئامادە دەکەین هەند زیاتر بەرز دەبینەوە تا دوا دڵـۆپ هـەناسـەی خـەم کـە لـەم شمـشالانەوە ئۆغری خێر بێت ماڵئاوایمان لێدەکات...

***

لەو سەردەمانەی کە ئایدیۆلۆژیا هاوچەرخەکان وەکو تیغ بە تەنیشتمانا تێدەپەڕین لە







تێبەربوونی شارستانییەکانەوە تا ئاشتبوونەوەی گشتی لە بەیداغ رەشەکانەوە تا خۆجـەڵدکردن تا ئافاقی ئیشراق زمانمان لە گۆ دەچوون.

سەر بە بنەماڵەکانی جاجم بووین تەنها هـەنگ لــە زمانمـــان دەگـــەیـــشت تـــازە فێـــری شاردروستکردن دەبووین بەردو خشتی رۆحمان تێکەڵ بە هیچ دەکرد دڵشادبووین دڵشادبووین بەرامبەر بە ئاوێنەکان و میوانمان چەندین رۆژ گلدەدایە تا باسی دەرەتانی دەشت و دەریان





بۆ بکەین باڵیۆزەکان لەسەر مافوورەکان دادەنیشتن و سەماوەرە قاچاغەکانمان دەردەهێناو چای سیلان و شەکری کووبامان دادەنا بەشێک بوو لە تەقلیدە کۆنەکانمان.

***

من لە سەفەرەکاندا نیشتیمانەکەم دۆزییەوەو خۆشیمویست، بەڵام نەبوومە ئەو عاشقە گەلحۆیەی لە پێداهەڵدانەوە بۆ پێداهەڵدان دووگردەکان لەسەر سەکۆی تازەگەریی دانێم







و دەفەکان لەسەر رەفەکان بتەکێنم و دەست بە حاڵگرتن بکەم دەروێشانە. بەڵام من لە سەفەرەکانمدا دۆزەخم کەشفکرد کە جێی هەمووماني تیا دەبێتەوە. دۆزەخێکی پێویست تا دارهەرمێیەکان و داربەهێیەکان و دار پرتەقاڵ و هەنارە شەقبردووەکان لەسەر سینییە مسینەکان دانێم تیشکی یەزدانیش بتسێتە سەریان. باخچەیەکم دۆزییەوە دەیان دەرگای هەبوو لە بەرزاییەکاندا بە دوای رووناکی





دەگەڕاو دەیان تەرحە میوەی دەگرت غەریب
بۆ ئەهلی مەملەکەت.
باخچەکەی مەنفا وەک باخچەکەی رۆڵەی
رۆتردام[٥] چەندین سفرەی لەسەر بوو. مێوەی
غەریبم دەخواردو ئاوی هەڵاڵەم دەنۆشت بە
جووتە لەسەر شۆستەکان لەگەڵ کازێوە
دەخەوتم و شەڕە تۆپەڵی شەوم دەکرد لەگەڵ
بەیان. عەیامێ لە ژێرزەمینی میترۆکانی پاریس

[5] ئاماژەیە بۆ ئێراسمووس، سیمایەکی دیار لە سەردەمی راپەڕینی ئەورووپا







داڵغەو بیرکردنەوەیەکی تەنک و هەندێ
شیعرو کۆمەڵێ یاد تێکەڵی ریکلامە گەورەکانی
قەد دیوارە رەشەکان دەبوون. لەو ژێرزەمینانە
بیری قەڵای کەرکووکم دەکرد پیییاح
پێکدەچوون لێکچوونی پەرادۆکس. لە
ژێرزەمینی میترۆکان بۆ ئێمەی مەنفی شەڕو
ئاشتییەکان، لە پاریسی شاری رووناکی و ئەوق
هیچمان نەدەبینی تەنها بەر پێی خۆمان نەبێت





تا پیسایی بێرژێی ئەڵمانی[٦] نەتلیسێنێنەوە.
جانتا لەشان حازر بۆ هەموو سەفەرێ باسی مەحموودی بایەزیدو بەرامبەر بە بورجی ئیڤل لە ئەندێشەی فلۆبێر ورد دەبووینەوە: - سەدەی نۆزدەهەمە، ئاسن کەشختەترین مەتریال بۆ بیناسازی، هەرەمەکانی میسر خەیاڵی فەرەنسییەکانی جۆشدەدات مێژوو لە پێشمانا ساتمەی دەکرد (ئای لەو ئاژەڵە

[٦] جۆرە سەگێکی ناسراوە







زەبەلاحە ئەفسانەییە جوانترین شوێن لە پاریس قوتەی سەر بورجە تا بورجت لێوە دیار نەبێت) وتە بەناوبانگەکەی رۆماننووس-.

من دەمێک بوو نیشتیمانم دۆزیبووەوە. ئەوانەی دوای ئاهەنگە گەورەکە گەڕانەوە نەک گەڕانەوە نیشتیمان بەڵکو لە نیشتیمان دەگەڕان نیشتیمانی ئێمە وەک سەرابە تا بە دوویدا بچیت هەندە لێت دووردەکەویتەوە.





نیشتیمان قەتیسی پەیڤ بوو دەمێک ئێستا قەتیسی خۆیەتی.

دیوارێک بۆ گریان و زێدێک بۆ خاچ و حەوزێک بۆ تەهارەت چزووی ئاگرێکیش بۆ دەستنوێژ شوێنێک بۆ کەشف و شەوێک بۆ فەنابوون(٧). دەیانجار بیرم لەوە دەکردەوەو پریاسکەکەم هەڵگرم و بگەڕێمەوە، بەڵام

[٧] ئاماژەیە بۆ پەرستگای بوودییەکانی تیبت







سەیری راست و چەپم دەکرد رێگابوون و ئێرەو ئەوێیەکان قەبرغەی یەکتریان دەکرۆشت و ماوەکان تێکەڵ دەبوون و ئاراستەکان دەبوونە مۆسیقایەک و ئاوازێک بەرەو بەرزاییەکان بەرەو لووتکە سپییەکان...

بە دوای "من"ێکی هەپروون بە هەپروون رادەکەم....

***





له مەنفا نیشتیمانەکەم دۆزییەوە
تـا دەهـات وەک چنـارێکی بـەرز هـەمـوو سەرلەبەیانییەک لە پێش ماڵەکەمدا دەڕوا، تـەمـی گـەڕەکـی ئاکاسـیا[٨]، شـەختـەی لێـرەوارەکـانی ژوورا[٩]، دوکـەڵـی جـاددەی ترامووەیەکە دەیانناسییەوە. بینیم وەکو بێوەژنە

[٨] گەڕەکێکە لە شاری ژنێڤ
[٩] ناوچەیەکە دەکەوێتە نێوان فەرەنسا و سویسرای فەرەنسی زمان







کـەڵـەگـەتـەکـەی ئۆسـکۆدار[١٠]، لـەچکێکـی گوڵداری لـەسـەر، دەسکێ گوڵێ ژاکاو دەخاتە سـەر گڵکۆکـەی نـالی و قـەدەرێـک لـە گۆڕستانەکە دادەنیشێ و یەک دوو سوورەتی کورت، بە لـەهجـەی ئـەستەمبولی، تێکەڵ بە هەنسک دەکات.
لە مەنفا ژنانم ناسی

[١٠] ئاماژەیە بۆ خێزانەکەی نالی لە ئەستەمبول





ئەوانەی سەرسەخترن لە نیشتیمان و
دڵڕەقترین کائینات تەنها لە لۆچی شیعردا
جێیان دەبووەوە.

***

دەمێک بوو
گەڕابوومەوە دێرە کۆنەکە







تەنها نانی لادێی دەوروبەری ڤالێ[11] و پەنیری مانچا[12] و کۆنەشەرابی بۆردۆ[13] خۆراکی من بوون. لە کانییەکەی ئەوبەریش خۆم بسمیل دەکرد. لە حەوشەکەش، لە سەدەکانی رابردووەوە، چەند دارپرتەقاڵێک و دارخورمایەک و چەند بنجێکی یاسەمینی

[11] ناوچەیەکە لە سویسرای فەرەنسی زمان

[12] ناوچەیەکە لە ئیسپانیا

[13] ناوی شارێکە دەکەوێتە رۆژئاوای فەرەنسا، بە شەراب بەناوبانگە





ئەندەلووس، بەهاران و پاییزان، بە گوڵە سپییە ناسکەکانیان، ئەتمۆسفێرێکی تایبەتیان دروستدەکرد. تەنها بووم، دووەم جارم بوو لە دەست خێزان هەڵبێم. دەریاوان نەبووم، ئەگینا وەکو سان جۆن[١٤]، کەشتییەکەم دەدایە دەم ئاوە ساردەکانی باکوور، کۆچەرێکی سەرسەختیش نەبووم، تا وەکو رامبۆ لە نێوان عەدەن و حەرار دا، قورئان لەبەرکەم، نە

[١٤] مەبەست سان جۆن پێرس-ی شاعیره







جورئەتی بۆدلێریشم هەبوو لەنێو سۆزانییەکانی پاریسدا، بە دەسکێشەوە بچمە خزمەتی مەدام دوڤال.

من لە نەوەی ئەوانەم کە لە بەردەم مزگەوت و دێرە بزێوەکاندا شەوانم بردۆتە سەر. لەم کووچە تاریک و تەنگەبەرانە نیشتیمانەکەم دۆزییەوە، بە کراسێکی گوونیەو خرقەی سەدەی نۆزدەمی لەبەرو بە گریانەوە دەیوت:

"بێ، سەرووی رەوانم! کە لەبەر ئەشکی رەوانم،
خەرقە بووەتە غەرقە، کەوا سەوزە لەبەرما".





پشتم لە نیشتیمان کردو بەرەو بیابانەکانی وادیلکبیر[١٥] هەڵاتم. من و ئەو سەر بە دوو قەبیلەی جیاواز بووین. ئەو پڕقورگی لە گریان و منیش تەنها بێدەنگییەکی قووڵ جەستەمی دەتەزاند.

من هەڵاتم، چونکە دەمێک بوو گوێم لە "مەدرەسە، مەحبەسەیە، **مەبحەثیی** و وەسوەسە

کەسی تێدا هەیە، ئەمما خۆش و خورسەندی

---

[١٥] ناوی رووبارێکە لە ئیسپانیا







نییە[١٦]". هەڵاتم لە بیابانەکان خۆم دۆزییەوە:

"قەتاری زەنگ و قۆڕی ئوشترو ئێستر لەسەر کەیوان

دەڵێی زیرەی سەدای قازو قوڵنگی ئەوجی کەیوانە[١٧]"

بیابانەکەی من دوورەدەست نەبوو،

---

[١٦] بەیتێکی نالییە

[١٧] بەیتێکی نالییە





دەریایەک بوو تیاما
شینایییەک بوو تا دەهات دەکرایەوە، فەزایەک بوو بۆ ونبوونی ئەبەدیی، نە هەتاوی تیا هەڵدەهات، نە هەورێ هەورییانە بەسەریا، بە نێو چڵ و لقوپۆپی پەژمووردەیدا هەناسەی دەدا.
بیابانەکەی من تیاما
دەیکردمە باوەش، لە ئاوێزی دەگرتم، لەسەر ئازارێکی نەمر رایدەژینم، برینی نوێی پێ نیشاندام، قووڵی توانەوەی بۆ بەرزکردمەوە،







ئاسۆی تەلبەندو دادڕان و نیشتنەوەی هەتاهەتایی...
منێک بەچکەی ڕۆمانسییەیەکی ساوێلکە
خەونەکانم پەمەیی وەک مەمکلغ
ئەندێشەکانم سەوز وەک کەژاوەکانی سەر خاسە،
هیواکانم پەڵەهەوری سپی سپی وەک شاگەندەمووی کۆتری ئەتڵەس،
خەونەکانم دەشتێکی کاکی بە کاکی
لە قەراجەوە تا دەشتاییەکانی قامیشلی،





لە هەڵەتەکانی قەڵادزێیەوە تا سنەوبەرەکانی
سەردەشت،
سمی ئەسپی ئاسمانی بوون
لە بەیاری حەکایەتەکانەوە تا کوانووەکانی
دیوەخان،
لە رەشنووسەکانی خورشیدییەوە تا
مەرەکەبدانی میرزا،
خەونێکی نوێ
هی زەمەنێکی کۆن،
باسی تەهارەتی عیشقی دەکردو







وەکو پەڕەی گوڵ دەکەوتە نێو حەوزی
مزگەوتانەوە،
نوێژی سۆفییەک بوو
دەگەیشتە باخەڵی حۆرییەکانی دەور کانی،
قەسیدەیەکی ژێر مانگەشەو،
بۆ کاروانەکانی دیوانە دەهۆنرایەوە،
تۆپەڵە بەفرێ بوو لەبەر ئاهی مێردمنداڵان
دەتوایە،
ماچێک بوو دەگەڕایە نێو قۆزاغە ئەبەدییەکەی،
پرچی کچێکی هەتاوینی گەرمیان بوو،





بە شانەی بەیان دەبووە سەبا،
سەرابێک بوو قافڵەی غەم دوای دەکەوت،
ئاوێنەیەکی زەبەلاح
ناسکترین بووک گۆنای خۆی تیا دەخوێندەوە،
بووبووە دایکێکی دی،
ئەوەی بە پەنجە قژە گڤەکەمی شانە دەکرد،
لە پڕێکدا خەوێکی قووڵ
وەک نەبوون دەیبردمەوە:
کاتێک لە خەو هەڵسام یەکێکی دی بووم.







## (لە دایکبوومەوە)

خۆم پڕ چەک کرد چوومە دژوارترین جەنگەوە، لە حەپسخانەکانی پەیف هەڵاتم، سەدەی نۆزدەم لە دووی خۆم جێهێشت.
"شەهسواری بەلاغەتی کوردان[١٨]"م خوێندەوە، گەیشمە دوا مەقسەدی حاجی: "بێ بەهرە لە خوێندن و کیتابەت[١٩]".
دەمێک بوو لە تەنوورەکەی گەڕەکی پاسپانزادە[٢٠]،

[18]ناونیشانی قەسیدەیەکی حاجی قادری کۆییە
[19]بەیتێکی حاجی قادری کۆییە





هەموو شیعرەکانم کردە زاری ئەو ئاگرەی کە دایکم هەڵایساندبوو.

لە تارواگە زمانم کەشفکرد.
"ئەمە یەکەم هەنگاو بوو بۆ عەدەم، عەدەمی ماددی نەک مەعنەوی[٢١] ".
لە دۆزەخ جەستەم دۆزییەوە...

***

[٢٠] گەڕەکێکی کەکرکووک. یەکەم شیعرم تیا نووسی.
[٢١] لە بارەی نالییەوە، پیرەمێرد ئەمەی وتووە







دادو بێدادم بوو لەو شەربە ئاوانەی کە دەڕژانە سەرمان شەربەی یەکەم لە ئاسمانی دووەمەوە دەڕژا هی سێیەم لە دەیەمەوەو ئا بەم شێوەی تەبەقەکانی ئاسمان لەلایەن حەشاماتێک لە مەلائیکەی پێخواس دروستدەکران مەلائیکە ئێشگرەکانی خەلقی یەکەم ئەوانەی باڵیان لە ئاگرو شاپەڕیان لە رووناکی و لە چاوانیانەوە ئاوێکی سازگار تێکەڵ بە نوور دەبوو.





دانیشتم بەرامبەر بە ئاوێنەکان

لە رەنگ و رێگا ورد دەبوومەوە، لە رچەی بزنان رامام و گوێم بۆ شەققەی باڵی هاقۆ هەڵخست لەگەڵ رستێ پەیقدا ئاودیو ئاوێنە بووم کردمە چەقەچەق لەگەڵ ئەو مەعدەنەی کە لێی دروستبووم تۆزو غوبارم لەسەر سەڵتەی شاعیرانی کلاسیک تەکاند گوێی ئەسپەچەمووشەکەی هەڵەتە دوورەکانم گرت. لە تەلبەندەکانی شۆڕش خۆم رزگارکردو







هێڵنجم هات کاتێ بینم ئازادیی لەسەر کورسی بە کەماڵی ئیسراحەت، خۆی بە فەقێیانە

بەستۆتەوە. ترسێکم لەسەر نیشت. ئازادیم بینی بۆتە پەیکەرو پیاوە ماقووڵەکانی مەملەکەت لە پاینەوە سەیری دەکەن و تاجە گوڵینەی بۆ هەڵدەدەن. دەیان و سەدان، بەڵکو هەزاران لەبەر سێبەرەکەی قاوەڵتیان دەکردو سیمامەستەکانیش لەبەر پێی دەڕشانەوە.





پەیکەری ئازادیی کتومت ببووە هوبەل.

بیرم لە ئازادییەک دەکردەوە لە ناوەندی دۆژدا دا بێت. سەکۆیەک بێت لە پەنگر، مینبەرێک بێت لە ژیلەمۆ، منارەیەک بێت لە رووناکی. بیرم لە سارتەر دەکردەوە لە کاتی داگیرکردنی پاریس لەلایەن هیتلەرییەکانەوە: "ئێستا ئێمە ئازادین"!!
دەریاچەی ئازادیم بینی بەستبووی، هەڵپەڕکێی ساردوسڕی لەسەر دەکرا، تا چاو بڕی دەکرد







حەشامات لەسەر دەریاچەی بەستوو دەمەیین. جوولەی مەیو، ئاوازی مەیو، میلۆدی مەیو، رەنگی مەیو، دەنگی مەیو...
پەیکەری ئازادیش رەق و هیشک بەرامبەر کامێراکە. دەروێشانی سەدەی بیستویەکەم پەڕۆی سەوزو سپییان، پەرچەمی زەردو بەنەوەشییان پێدا هەڵدەواسی...مەزارێکی مۆدێرن بۆ ئاشتبوونەوەی سەهۆڵ.





منیش دادوبێدادم بوو لە ئەفغانی میللەت،
هاواریکی کپ بوو، وزەیەکی چەپکراوە بە
دروشمی دۆلار.
دادوبێدادم بوو لە دەست خۆم و
بە ئاسپایی لەسەر سەکۆی ئەم جەهەننەمە
هەڵدەپەڕم.
تیا هێزم تیایە لەبەر تریفەی مانگێکی برۆنزی
هەڵدەپەڕم،
تا هێزم تیایە گۆرانی بۆ بێهوودەیی زەمەنەکان
دەچڕم







ئاسمانی بێ زاکیرەش هەمووی تۆمار دەکات.
وەک ئاگرێکی چەمۆش هەڵدەپەڕم،
وەک ئاگرێکی دەستلێوەشاو هەڵدەپەڕم،
وەک پزیسکێکی شێت هەڵدەپەڕم،
ناحەوێمەوە لەسەر سەکۆی ئەم مەنفا
پانوپۆڕەی
کە جێی هەموومانی تیا دەبێتەوە، بەشی
هەمووان دەکات...

***





بایەک بەسەر دونیادا هەڵیدەکرد
لە کووچەکانی پەژمووردەییەوە دەهات
لە بن دیوارە نزمەکانی مەملەکەتەوە،
بایەک هەموومانی لە نیوەی شەو راچەڵەکاند،
پەنجەرەکانمان بە تۆپەڵە پەڕۆو کاغەزی
رۆژنامەی بێکەڵک،
دەرگاکانمان کلۆم داخست،
پەتایەکی نوێ بوو
لە درزترین دیوارەوە دەهاتە ژووری،
رەنگی هەڵدەبزڕکاندین،







وەک ئاژەڵی کێوی دەهاتە باخەڵمانەوە،
لە هەموو لایەک بەیداغی سیا بەرزدەبووەوە،
پەتایەکی نوێ غەزووی کردین
پەتایەک بوو
رەنگی ئینسانی لە خاکەوە هەڵدەتەکاند.

لە قەراغ رووبارەکاندا
لەش لەسەر جودا،
سەر لە جەستە جودا،
پەنجە وەک گەڵا هەڵوەریو،
چاو ئەبڵەق، تۆقیو





بایەک بەسەر جیهاندا هەڵیکرد
لە ئەشکەوتە شێدارەکانەوە خۆی تەیار دابوو،
دەئاڵایە پێمان وەک رەشمارێکی بیابان
لە ناخمان دەگیرسایەوە
وەک ریخۆڵە
وەک ئاردە ئاسن
ئاسمانی رەشهەڵگیرساند.

***







بایەک بوو هەموومانی وەک یەک دەچەماندەوە،
وەک یەک دەبوایە هەنییە لە خاکێکی زڕ ختم کەین،
وەک یەک سەیری یەک ئاراستە،
وەک یەک چەک لە شان و شەڕ لەگەڵ عەدەمدا بکەین،
وەک یەک لەچکی شەیتان بپۆشین،
وەک یەک سەیری یەک خاڵ کەین کە ئەندێشەمانی تیا حەپسە.





***

دەستم بۆ دارهەنجیرە پیرەکە برد،
ناولەپم نووساندە نێوقەدی،
وەک روومەتم زبرو وەک تەمەنم داروخاو،
گەڵای ساڵی ئایندەی پێوە مابوو،
چ درەختێک بوو
وزەی ئەوەی نەمابوو
تفێک هەڵداتە سەر هەنییەی گەڵای ئوفتادە.
***







لەژێریدا دانیشتم.

زستان بە پێشمدا تێپەڕی: کرێوەو چلوورەی کردە زەماوەند.
هاوینی قرچە سەروپۆتەڵاکی نغرۆ کردمە نێو تەمی خۆڵاو.
بەهار بە لەشکرێکی گەوجەوە تێکیشکاندم،
پایز هات و هەڵیوەراندم....
گەڕامەوە نێو باوەشی خاکی نەناسراو،
وەک مارمێلکە دەیان رۆژو دەیان مانگ نووستم،





قوڕم جوی، تامی خۆڵێکی سوێرم بە
مەڵاشوومەوە جێهێشت،
چڵپاوی سەدە کۆنەکانم کردە دۆشەک،
لەنێو قوڕاودا خۆم دۆزییەوە....
***

زستان لەنێو سەهۆڵی کۆندا سەرم دەرهێنا،
دەستم برد بۆ جەستەم،
پەنجەکانم زاکیرەیان ونکردبوو،
نە جەستە پەنجەی دەناسییەوە،
پەنجە شایەدیی دەدا بۆ لەشێکی غەریب.







پزیسکە گیایەک بووم،
لە دۆزەخەوە دەگەڕامەوە،
پینەی پویرگەتوار(٢٢) بەنێوچەوانم،
دەیان پینە لەشمی کرۆشتبوو.

تاڵە گرێک بووم،
لە سۆلاڤەوە کەتبوومە خوارەوە،
ڕەحمم ئاو و ئاسۆکانم بلێسە.

[٢٢] ئەو ناوچەیەیە کە دەکەوێتە نێوان دۆزەخ و بەهەشتم هەروەها جێی پاقژبوونەوەیە.





رۆشناییەک بوو
سینەی کرێوەم شەقکردبوو،
ئاسمانم کردە لەچکێک و
قژم بە با شانە دەکرد.
***
لە مەنفا نیشتیمانەکەم دۆزییەوە،
بەرز لەسەر گردەکان سپی دەچووەوە،
مەشخەڵێک لە هەناوییەوە بڵێسەی دەدا،
بەڵام،
بە تەنها هەنسکی دەدا،
مراوری رۆندک







وەک کەرتە هەتاو دەکەتە بەرپێی،
هەنگاوی دەنا،
بە تەنها،
دەیان کوێر دەستیان گرتبوو،
ئەهها...چ خەرەندێکمان لە پێشە،
چ دۆڵێکی هەزار بەهەزار
پێشوازیمان لێدەکات...

***





داد و بێدادم بوو لەو شەربە ئاوانەی کە
دەڕژانە سەرمان شەربەی یەکەم لە ئاسمانی
دووەمەوە دەڕژا هی سێیەم لە دەیەمەوەو ئا
بەم شێوەیە تەبەقەکانی ئاسمان لەلایەن
حەشاماتێک لە مەلائیکەی پێخواس
دروستدەکران مەلائیکە ئێشگرەکانی خەلقی
یەکەم ئەوانەی باڵیان لە ئاگرو شاپەڕیان لە
ڕووناکی لە چاوانیانەوە ئاوێکی سازگار تێکەڵ
بە نوور دەبوو.







بە تەنها دەگریام
کەسێک نەبوو
دەسەسڕێکم دادتێ،
کەسێک نەبوو
تەلسیمی ئەسرینەکانم شی کاتەوە،
بە تەنها
لە قەراغی گەردووندا،
لەگەڵ تەپوتۆزی زاکیرەم
شەومان بەسەردەکردەوە.





دادو بێدادم بوو لەو شەربە ئاوانەی کە دەڕژانە
سەرمان شەربەی یەکەم لە ئاسمانی دووەمەوە
دەڕژا هی سێیەم لە دەیەمەوەو ئا بەم شێوەیە
تەبەقەکانی ئاسمان لەلایەن حەشاماتێک لە
مەلائیکەی پێخواس دروستدەکران مەلائیکە
ئێشگرەکانی خەلقی یەکەم ئەوانەی باڵیان لە
ئاگرو شاپەڕیان لە رووناکی لە چاوانیانەوە
ئاوێکی سازگار تێکەڵ بە نوور دەبوو.

دڵم بەوەخۆش بوو کە لە رەگەزی ئینسانم،







واتە هاوجنسەکانم رۆژێک دادێ لە زمانم
بگەن...
هەموو هەوڵێکم ئەوە بوو کە
زمان بگەڕێنمەوە رەحمی پاکیزەیی خۆی،
پڕ چەکیکەم بەرامبەر بە گەردەلوولەکانی
زەمەن،
رمێکی بدەمێ
بیچەقێنێتە دڵی ئاوەڵناوە،
دوو تیر بهاوێژێتە هەناوی ئامرازەکانی
پەیوەندی،





نارنجۆکێک بنێتە
سەری هەموو ناوێک
کە هەناوی سڕ بووە،
هەتاوێک بهاوێژێتە ڕەحمی پەیڤەکانی دوێنێ،
نەقیزە لە پیت بدات تا دەزریکێنێ...

دڵم بەوەخۆش بوو کە لە ڕەگەزی ئینسانم،
ڕۆژێ دادێ،
وەک فیلتەر شەوم پێدەخوێننەوە.
***







بە چەکی کۆنەوە خۆمان بۆ شەڕە نوێیەکان
ئامادە دەکرد،
دۆڕاوی شەڕە کۆنەکان.

**سەرەتای ٢٠٠٩**